ئەوانیش شەوو رۆژ سەریان دەکرد بە نێویەکداو دەیانخواردو دەخەوتن، دەترەکین، بەچکەیان دەبوو. لە پەستا جیکەیان دەهات وداوای خواردنیان دەکرد. تا دەهات ژیانمان تاڵتردەبوو. بیرمان لەوە دەکردەوە چی بکەین هەتا لە چنگ ئەو گەلەمشکە رزگارمان بێت. ئەوە بوو ئەو بەچکەیەی هەمیشە پرسیاری دەکردو پێی خۆش بوو زۆر شت بزانێ، وتی: دایە تۆ دەڵێی مشک زەندەقی لە پشیلە چووە، کەوابێ باهەر لە ئێستاوە خۆیان لێ بکەین بە پشیلە.





ئەو شەوە نەچووینەوە نێو هێلانەکەمان، لەبەر دەرگای هێلانەکە، میاو میاو لاسایی پشیلەمان دەکردەوە. بۆ بەیانی کە خۆر هەڵهات و چووینە ژوورەوە، سەیرمانکرد هێلانەکەمان چۆڵ و هۆڵە، تەنانەت یەک بێچووە مشکیشمان بەرچاو نەکەوت، لەترسا هەموویان رایان کردبوو. ئیتر لەخۆشیدا هەر ئەو بەیانییە ناو ماڵەکەمان پاک کردەوەو وەک جاری جاران خۆشی گەڕایەوە ناومان. یەکێک لە بێچووە سمۆرەکان لەبەینی خەوو بەخەبەریدا وتی: دایە، دەڵێی تۆشیان لەگەڵ بووی؟ دایکیان بەر لەوەی وەڵامی بداتەوە، سەرنجی دانێ، بینی هەموویان لەپرخەی خەودان.

فەرهەنگۆك:
تاوکەوتن: خۆرهەڵاتن
مێچکە: مێیە
ترەکی: بەچکەی بوو
کوێرە مووشە: مشکە کوێرە
فەنلوق: بندق
بۆڵەو خوتە: پرتەو بۆڵە